



### لە یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

# ڕۆژنامەنووس و مووچەخۆر

ئازاد عەبدولواحید



* لە یادی (١٢٨) ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، وەک کەسێک کە ساڵانێکی زۆرە لەو پیشەیەدا کار دەکەم، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، کە (٢) ساڵ لە لیژنەی ئامادەکاری و (٢) ساڵیش لە ئەنجوومەنی باڵای سەندیکاکەدا کارم کرد، بە پێویستم زانی بەم کورتە وتارە، ئەم یادە بەسەر بکەمەوە.

* سەرەتا دەبێ بەبێ پێچوپەنا بڵێم، ئەمڕۆ دۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چەندی بڵێی شەپرێو و شێواوە، پاشاگەردانی و شێواوییەکەی لەو بێ سەروبەرییە گەورەیەدایە کە پێیدا تێدەپەڕێ. ئەگەر تا ڕاپەڕین، ساڵانێکی دووروودرێژ، لە سایەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانەوە، بەهۆی هەڵکشان و داکشانی سیاسی، نەمانتوانیبێ شلۆقیی بارودۆخی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی خۆمان ڕێک بخەین، خۆ دەکرا دوای ڕاپەڕین، بە تایبەتی دوای ئەوەی جڵەوی حوکمڕانی کەوتە دەست خۆمانەوە و بووینە خاوەنی داوودەزگای نەتەوەیی و نیشتمانی، زوو مشووری چاککردنی بخۆین، لەو ماوە دووروودرێژەدا دەمانتوانی زۆر بەباشی و بە یاسا، بزاڤی ڕۆژنامەگەریمان ڕێک بخەین، بەداخەوە دەڵێم ئەوەمان نەکرد، هەندێ جار ئەوەی بە نیەتی ڕێکخستنی دۆخە شێواوەکەی ڕۆژنامەگەرییش کردوومانە، دواتر هەر خۆمان تێکمان داوە و ڕێزمان لەو یاسایانە نەگرتووە کە دامانناون، بۆیە ئەو بارودۆخە نەک هەروەک خۆی مایەوە، بگرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەرەو خراپتر چووە، ئەمڕۆ وای لێهاتووە ئەوانەی لە بوارەکەدا کار دەکەن، هەمووی سکاڵا و دادوبێدادیانە، چونکە دەبینن بارودۆخەکە زۆر خراپ لە گرێژەنە دەرچووە و لەوانەیە وا بە ئاسانی چارەسەر نەکرێ.

* ئەم ساڵ لە ٢٢ی نیساندا، ١٢٨ ساڵمان لە تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بەڕێ کرد، کە نزیکەی (٣٥) ساڵی دوای ڕاپەڕینی تێدایە، پێش ڕاپەڕینیش، لە ماوەی (٩٣) ساڵەکەی دیکەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە زۆر قۆناغی جیاوازدا ماوەی زێڕینی بە خۆیەوە دیوە، لەو کاتانەدا بەهۆی فراوانبوونی ڕووبەری ئازادی و بوونی کەسانی پیشەیی و خەمخۆر، ڕۆژنامەگەریی کوردی تەکانی بە خۆی داوە و قەڵەمبازی گەورەی بۆ پێشەوە هاوێشتووە، بۆیە ئەمڕۆ هیچ بیانوویەکمان بە دەستەوە نییە پاساو بۆ ئەو بارودۆخەی تێی کەوتووە بهێنینەوە، تا بڵێین بۆچی نەمانتوانیوە چاکی بکەین؟ جارێ لە پێش هەموو شتێکەوە، ئەو پیشەیە پێویستی بە (ڕاستگۆیی) هەیە، تا ڕاستمەندێتی (مصداقیة)ی بڵاوکراوەکە لە دەست نەدرێ، کەچی ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین نەک هەر پانتایی ڕاستگۆیی کەم بووەتەوە، بگرە چەواشەکاری و دوورکەوتنەوە لە ڕاستگۆیی ڕووبەرێکی زۆر فراوان و پانوپۆڕی داگیر کردووە، کار بەوە گەیشتووە خوێنەری کورد تووشی نائومێدی و کاردانەوە بووە، بۆیە لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامەگەرییە تەوەللا بووە و باوەڕی بە ڕۆژنامەگەریی کوردی کز و لاواز بووە و زۆر بەلایدا ناچێ. پیشەییبوون کە بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر گرنگە، ئەوەش نەک هەر کاری پێ ناکرێ، بگرە بووەتە بانگەشەیەک و تەنیا ئیدیعایەکی ڕووت، لە کاتێکدا دەبوو پیشەییبوون لەبن هەموو دێڕەکان و شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەوانی ڕەنگ بداتەوە و لە کار و کردەوەکاندا بدرەوشێتەوە، کاتێک خوێنەران ئەو پیشەییبوونە نابینن، ئیتر بەردەنگی زیرەک و زیتەڵ لێی دەتەکنەوە. ئەم دوو کۆڵەکە سەرەکییە لەولا بوەستن، دەردی لاساییکردنەوەش سەرباری هەموو دەردانە، چونکە ڕۆژنامەگەریی کوردی تا بینەقاقا کەوتووەتە ناو لاساییکردنەوەوە، بەمەش دەبینی کارەکان زۆر لە یەکدی دەچن، هەندێکیان بوونەتە کۆپیکردن و سێبەری یەکدی، هیچ سیما و ناوەرۆکێکی جیاواز لە یەکتریان جیا ناکاتەوە.

* زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕۆژنامەوانییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا لەگەڕدایە، زۆر بێ بەزەییانە ڕەفتار لەگەڵ زمانی کوردیدا دەکەن، ئەوەی گوێی پێ نادرێ و لایان جێگەی بایەخ نییە، بەرپرسیارێتییە بەرانبەر زمانی نەتەوە. دانانی ستافی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، بە تایبەتی (پەیامنێرەکان) کە ڕووکارێکی گرنگی کاری ڕاگەیاندنن، بەبێ مەرجی زمانزانین، یان بەبێ ئەوەی خولێک ببینن، پێش ئەوەی دەستبەکار بن و ئەرکیان پێ بسپێررێ، بەشێکی زۆریان ئەو پاشاگەردانییەیان دروست کردووە، هەندێکیان لەبەر ناشارەزایی و کەم ئەزموونی ناتوانن بە تەواوی پەیام و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکەیان جێبەجێ بکەن و بگەیەنن، هەشیانە پیشەکەیان تێکەڵی گەمەی هەرزەکارانە و هەواڵگەریانە کردووە، کە ئەمەش زۆر بە خراپ لەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا دەشکێتەوە. ئەم جۆرە (ڕۆژنامەنووسانە!) کە ناشی و ناکارەن و ئەهلی کار نین، بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ساغ بوونەتەوە و کوڕێنی بە سەرەوە دەکەن و لامێژن، ئەوانە لە هەل و دەرفەتی نائاساییدا پەلکێشی ناو ڕۆژنامەگەری کراون و لەسەری بوونەتە بار، لەبەر ئەوەی پیشەکەشیان خۆش ناوێ و عاشقی نین، ناتوانن ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە، بۆیە تا کۆتایی بە مووچەخۆر دەمێننەوە و نابنە ڕۆژنامەنووس.